# خۆپیشاندانێکی شکۆدارو بەهێزی پەنابەرانی کوردو عێراقی لە شاری موینشن دژ بە سیاسەتی راسیستی حکومەتی ئەڵمانیا




لەژێر دروشمی( نا بۆ گەراندنەو دەرکردنی پەنابەرانی عێراقی ، بەڵێ بۆ مافی مانەوەو نیشتەجێ بوون هەر ئێستا.!)رۆژی شەممە رێکەوتی 08.12.07 بەسەرپەرشتی کاروانی دیفاع لە مافەکانی پەنابەران و رێکخراوی لاوانی بێ سنور و فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی و بە بەشداری و پشتیوانی دەیان رێکخراو و کەسایەتی سیاسی و مافناسی ئەڵمانی لەوانە، ئەمنیستی ئەنتەرناسیونال لە موینشن ، حزبی سەوز، رەوتی چەپەکان ، کۆمەڵەی کوردی ئەڵمانی ،ئەنجومەنی پەنابەران لە هەرێمەکانی بایەر ، برێمن ،هێسن و هامبۆرگ و گرووپی دژ بە ناردنەوەی پەنابەران و چەندین رێکخراو وکەسایەتی دیکە، خۆپیشاندانێکی شکۆدارو مێژوویی لەشاری میونشن لە ئەڵمانیا بەرێخرا .

سەرەتای ئەم خۆپیشاندانە بەکۆبوونەوە لە مەیدانی schwantahalerhoher دەستی پێکرد و لەوێدا وتاری رێکخراوەکان سەبارەت بە هۆکارو گرنگی خۆپیشاندانە پێشکەش کرا کە بەوتاری کاروانی دیفاع لە مافەکانی پەنابەران دەستپێکراو لە وێدا باس لە سیاسەتی غەیرە ئینسانی حکومەتی ئەڵمانیا کرا کە چۆن دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا دەستیان بردوە بۆ سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کوردو عێراقی لە کاتێکدا عێراق وکوردستان ئەمنیەت وئاسایشیان تێیدا نیەو لە عێراقدا سزای لە سێدارەدان دووبارە کاری پێدەکرێت وکوشتارو کردەوەی تیرۆریستی رۆژانە ئەنجام دەدرێت و دیاردەی کوشتنی ئافرەتان رۆژ لەدوای رۆژ روو لەزیاد بوونە،هەر لە وتارەکەیدا نوینەری کاروانی دیفاع لە پەنابەران بەناوی سەرجەم ئەو رێکخراو کەسایەتییانەی کەبەشدارییان کردوە لە خۆپێشاندانەکەدا ئەم سیاسەتە غەیرە ئینسانیەی حکومەتی ئەڵمانیای محکوم کردو خوازیاری دەستبەجێی راگرتنی ناردنەوەی پەنابەرانی کوردو عێراقی و بەرەسمیەت ناسینی پەنابەران و بەهرەمەندبوونیان لەمافەکانیان بوو ، پاشان دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی وتارێکی بەزمانی کوردی پێشکەش کردو تیایدا باسی لە بارودۆخی سەختی سیاسی عێراق وکوردستان کردو روونیکردەوە کەچۆن سیاسەتی جەنگ ومیلیتاریزمی ئەمریکا و وولاتانی دەوروبەر بونەتە هۆکارێکی سەرەکی لەئاوارەبوون کۆچکردنی ملیۆنەها کەس لەخەڵکی عێراق وکوردستان، لە هەمان کاتدا ئاماژەی بەسیاسەتی راسیستی حکومەتەکانی ئەوروپا کرد لەبەرامبەر پەنابەراندا وپاشان باسی لە نەخشی فیدراسیۆن کرد وەک رێکخراوێکی چالاک ورادیکال لەسەنگەری دیفاع لەمافەکانی پەنابەرانی کوردو عێراقی لەمەیداندا دەستبەکارە و دەیان خۆپیشاندان و مارشی نارەزایەتی بەرێخستوە بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاساتە کۆنەپەرستانەی حکومەتەکان لەئەوروپا،لەکۆتایی دا دەشتی جەمال سوپاس وپێزانینی خۆی لەبەرامبەر ئەو هەوڵ وتێکۆشانەی رێکخراوە ئەڵمانیەکان دەربری و ووتی: ئەمرۆ ئێمە بەم خۆپیشاندانە مەزنە وەڵامێکی دەم شکێن دەدەینەوە بەسیاسەتی

راسیستی حکومەتی ئەڵمانیا ، پاش ئەم وتارە کەناڵی تەلەفزیۆنیARTE چاوپێکەتنێکی لەگەڵ دەشتی جەمال دا سازدا .




دواتر خۆپیشاندانەکە لە کاتژمێر 13.45 بەرەو ناوشاری میونشن بەرێکەوت، لەرێگادا خۆپیشاندەران بە وتنەوەی دروشمەکانی ( نابۆ ناردنەوەی پەنابەران ، بەڵێ ، بەڵێ بۆ مانەوە ) و ( ناردنەوە راگرن ..راگرن..) بەزمانی ئەڵمانی دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لە نێو شاردا هێنابوەدی ،هەر لەکاتی نزیک بوونەوە لە سەنتەری شاردا پەیتا پەیتا پەنابەران پەیوەست دەبوون بە خۆپیشاندانەکەوەو راستەوخۆ دروشمەکانیان دەووتەوە و ئەمەش هێندەی تر سەرنجی خەڵکی ئەڵمان و رێبوارانی سەرشەقامەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو راکێشا و زۆربەیان هاوپشتی خۆیان بۆ خواستەکانی پەنابەران راگەیاند، دوابەدوای ئەمەو لەکاتی گەیشتنە نێو مەرکەزی شاری میونشن دا عرفان کریم نوێنەری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەئەڵمانیا بەزمانی عەرەبی و کوردی بانگەوازی پەنابەرانی کرد کە بەشدار بن لەم خۆپیشاندانەو ریزی ئەم نارەزایەتی یە بەهێزتر بکەن و بێنە مەیدان لەپێناو بەدیهێنانی مافەکان خۆیان،هەروەها( رێبەر حەمەساڵح ) هەڵسوراوی فیدراسیۆن لەشاری موینشن بەزمانی ئەڵمانی باسی لە هۆکاری خۆپیشاندانەکەو داواکاریەکانی بۆ رێبواران و ئامادەبووانی نزیک خۆپیشاندانەکە روون کردەوەو بانگەوازی خەڵکی ئەڵمانیای کرد بۆ پیشتیوانی کردن لەخواستەکانی پەنابەران ، ڕەوتی خۆپیشاندانەکە بە نێو شاردا بەرەو دادگای میونشن کەوتەڕێ،لەوێداو لەبەردەم ئەو دادگایەدا کەبریاری لەسەر ناردنەوەو دەرکردنی چەندین پەنابەری عێراقی وکورد داوە،خۆپێشاندەران بە وتنەوەو دووبارە کردنەوەی دروشمەکانی (نا ،نا بۆناردنەوە ،بەڵی ،بەڵێ مافی مانەوە بۆ هەمووان) ( دەرکردن تاوانە..دەرکردن ڕاگیرێ ) و بە خوێندنەوەی چەندین ووتاری نارەزایەتی بۆ ریسواکردنی ئەم سیاسەتەو بەمەبەستی نارەزایەتی دەربرین بۆماوەی 10 دەقیقە لەوێدا راوەستان.

خۆپیشاندانەکە جارێکی دیکە بەناو سەنتەری شاردا بەرەو بەردەم وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی بایەر لەOdeonplatz کەوتەرێ  کە دوا جێگای رێپوان وخۆپیشاندانەکە بوو،بۆ جارێکی تر جەندین ووتار لەلایەن پەنابەران و رێکخراوەکانەوە خوێندرایەوە لەوانە وتاری گروپی ئافرەتانی کورد لەشاری موینشن بەزمانی کوردی پێشکەش کراو تیایدا باس لە ژیانی سەختی ئافرەتانی کورد لەکوردستاندا کراو بەتایبەت لە پەیوەند بە تاوانی کوشتنی ئافرەتانەوە،پاشان پەنابەرێک باسی لە بارودۆخی سەختی ژیانی خۆی کرد لەژێرمەترسی هەڕەشەی ناردنەو دەرکردنداو سوپاسی خۆی بۆ ئەو رێکخراوە ئەڵمانیانە دەربری کە تاوەکو ئێستا رزگاریان کردوە لە مەترسی ناردنەوە، لە کۆتایی دا دەشتی جمال بۆجارێکی و دیکە لە نێو حەماسەتی خۆپیشاندانەکەدا ووتارێکی بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش کردو بۆ جارێکی دیکە ئاماژەی بە گرنگی خەباتی یەگرتوانەی پەنابەران و رێکخراوە ئینسانیەکان دایەوە بۆ کۆتایی هێنان بەسیاسەتی راسیستی حکومەتەکان لەئەوروپا بەهێزکردنی بەرەی دژ بە دیپۆرتکردنەوەو ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران

،ئەم ووتارەی دەشتی جمال بەچەپڵەو دەستخۆشی ئامادەبوانی خۆپێشاندانەکە پێشوازی لێکرا،دواتر خۆپیشاندانەکە بەوتاری سوپاسگوزاری کاروانی دیفاع لەمافەکانی پەنابەران کۆتایی پێهات.




هەر لە ئێوارەی هەمان رۆژدا  رێکخراوی لاوانی بێ سنوور لەئەڵمانیا کۆرێکیان بۆ دەشتی جمال و عرفان کریم وبەکر حەمەد لە فێدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی سازدا،ئەم کۆرە کە تایبەت بوو بە بارودۆخی پەنابەران لە ئەوروپاو ئەڵمانیا بەقسەو باس وگفتوگۆ وپرسیاری پەنابەران ونوێنەرانی رێکخراوە ئەڵمانیەکان بەرێوە چوو، نوێنەرانی فیدراسیۆن دەشتی جمال وعرفان کریم و بەکر حەمەد بەزمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی وکوردی وەڵامی پرسیار و تێبینی یەکانیان دایەوەو لایە جۆراوجۆرەکان و چۆنیەتی بەهێزکردنی خەباتی بزوتنەوەی پەناریان بۆ ئامادەبووان روونکردەوە.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی ـ ئەڵمانیا
10.12.2007

کۆڵن
عرفان کریم   tel-00491726274423   -------arfan96@yahoo.de
کالسرۆ بکر حەمەد 00491725799170 tel____bakir0107@yahoo.de
موینشن: رێبەر حەمە ساڵح 00491795719474 : rebarhamasaleh@hotmail.com

POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK  www.csdiraq.com